# The Treaty of Lausanne in the Ottoman Official Newspapers of 1923

**Fakhir Ali Abakr**
Soran University - Faculty of Arts- Department of History

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2581kq.01*
*Published: 2/3/2025*

## *Abstract*

*The Treaty of Lausanne was formed as a result of the events of World War I (1914-1918) and the Treaty of Sevres (1920). Based on the interests of the Victorious countries or Victorious powers, the borders of the Middle East have been redefined International political and economic relations have been reshaped. Within the framework of the provisions of the Treaty of Lausanne, the borders of a new state have been defined for the Republic of Turkey. Thus, the Treaty of Lausanne has had a greater impact than other events and agreements of the twentieth century. Much of the events related to the Treaty of Lausanne were published in the newspapers of its time, which were the only channel of news and information in the nineteenth and early twentieth centuries, have more or less played an active role in people's feelings and consciousness, to become aware of it Most of the events between the year in which the Treaty of Lausanne was signed are the subject of this study. The aim of this study is to understand and obtain information on the Treaty of Lausanne, in this regard; we have tried to obtain as much information as possible on the attitudes and policies of the participating countries in the newspapers of that time.*

***Keywords***: *Treaty of Lausanne, newspaper, 1923, Ottoman Empire, Turkey.*

# پەیماننامەی لۆزان لە هەواڵنامەی ڕۆژنامە عوسمانییەکانی ساڵی ١٩٢٣ دا

د. فاخر عالی عبابکر
زانکۆی سۆران / فاکەڵتی ئاداب / بەشی مێژوو
Fakhir.mirkhan@soran.edu.iq

**پوختە:**

پەیماننامەی لۆزان لە ئەنجام و لێکەوتەی ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ – ١٩١٨)و پەیماننامەی سیڤەر (١٩٢٠) دروستبووە. لۆزان وەک پەیماننامەیەکی گرنگی سەدەی بیستەم کۆمەڵێک گۆڕانکاری نوێ و گەورەی بە دوای خۆیدا هێناوە، لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی وڵاتانی براوەی جەنگ، دووبارە سنورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەیوەندییە سیاسی و ئابورییە نێودەوڵەتییەکان داڕێژراونەتەوە. هەر لە چوارچێوەی بەندەکانی پەیماننامەی لۆزاندا، سنوری دەوڵەتێکی نوێ بۆ کۆماری تورکیا دیاریکراوە. بەم شێوەیە، پەیماننامەی لۆزان بەراورد بە ڕووداو و ڕێککەوتننامەکانی دیکەی سەدەی بیستەم دەنگدانەوە و کاریگەرییەکی زۆری بە دوای خۆیدا هێناوە. بەشێکی زۆری ئەو ڕووداوانەی، کە پەیوەندییان بە پەیماننامەی لۆزانەوە هەبووە، لە ڕۆژنامەکانی سەردەمی خۆیدا بڵاوکراونەتەوە. ڕۆژنامەکانیش وەک تاکە کەناڵی گەیاندنی هەواڵ و زانیاری سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بوونە، کەم تا زۆر ڕۆڵێکی کارایان لەسەر هەست و هۆشیاری خەڵکدا هەبووە، بۆ ئاگاداربوون و ئاشنابوونی زیاتری ڕووداوەکانی نێوان ئەو ساڵەی کە پەیماننامەی لۆزانی تێدا واژۆکراوە، ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە هەڵبژێردراوە. ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، تێگەیشتن و بە دەستهێنانی زانیارییە لەسەر پەیماننامەی لۆزان، لەوبارەیەوە هەوڵدراوە زۆرترین زانیاری لەسەر هەڵوێست و سیاسەتی وڵاتانی بەشداربووی لۆزان لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە بە دەستبهێنرێت.

**کلیلی وشەکان:** پەیماننامەی لۆزان، ڕۆژنامە، ساڵی ١٩٢٣، دەوڵەتی عوسمانی، تورکیا.

**پێشەکی:**

دروستبوونی هەر بەریەکەوتن و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نێوان وڵاتان، بێ هۆکار نییە. بۆیە هەموو جەنگێکی نێوان وڵاتان لە ئەنجامی کۆمەڵە هۆکارێک دروستبوونە. هەروەک چۆن هۆکارەکان ڕۆڵیان لە دروستبوونی شەڕەکاندا دەبێت، بە هەمان شێوە هەر هۆکارەکانیشن دەبنە پاڵنەری وەستاندنی جەنگ و ڕێککەوتننامەی لێدەکەوێتەوە. ڕێککەوتن و پەیماننامەی لۆزانیش، یەکێک لەو پەیماننامانە بوو، کە دەرهاویشتەی بارودۆخ و ڕووداوەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بوو. بابەتی پەیماننامەی لۆزان، بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو، بابەتێکی گەرم و نوێکراوەی ساڵانە بووە. لە ئێستاشدا، بەهۆی تێپەڕبوونی سەد ساڵ بەسەر پەیماننامەکە، ناوهێنانی لە ناوەندە ئەکادیمی و ڕاگەیاندنەکاندا ئەوەندە مەزن و بەرفراوان بووە، هوەک ئەوە وایە، بڵێی ئێستا پەیماننامەکە واژۆبکرێت.

**هۆکارەکانی لێکۆڵینەوە:** هەروەک لە پێشەوە ئاماژەی پێدرا، لۆزان وەک پرسێکی نوێ، بۆتەوە جێگای گفتوگۆکردن و بە شێوەی جیاواز باسوخواسی لەبارەوە دەکرێت. یەکێک لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە، بۆ ئەم خاڵە دەگەڕێتەوە. خاڵێکی دیکەی پەیوەست بە هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە، بۆ گرنگی ڕۆژنامەکانی ساڵی واژۆکردنی پەیماننامەکە دەگەڕێتەوە. لەبەرئەوەی لەو سەردەمدا، ڕۆژنامەکان تاکە هۆکاری گەیاندن و بڵاوکردنەوەی هەواڵبوونە، بۆ سەردەمی ئێستامان زانیاری نوێیان تێدایە. بۆیە بە وردەکارییەوە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ ئەو هەواڵ و زانیاریانە کراوە، کە لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەم بڵاوکراونەتەوە.

**گرنگی توێژینەوە:** بایەخ و گرنگی ئەم توێژینەوەیە، لە دەرخستن و دۆزینەوەی چەند بابەتێکی پەیوەست بە پەیماننامەی لۆزان دایە. یەکێک لەو بابەتە گرنگانەش ئاماژەپێدانە بە کاتژمێری واژۆکردنی پەیماننامەکە. هەروەها لەگەڵ ئەم گرنگییە، بابەتگەلێکی دیکە، کە تاکو ئێستا لە کتێبخانە و سەرچاوە کوردییەکان هاوشێوەی زانیارییەکانی ئەم توێژینەوەیە باسیان لێوەنەکراوە. گرنگی ئەم توێژینەوەیان زیاتر کردوە. ئەم زانیارییە نوێیانە، کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەندتر دەکات.

**ئامانج و پرسیاری توێژینەوە:** ئامانج لەم توێژینەوەیە، دۆزینەوەی زانیاری نوێ و بەدەستهێنانی وەڵامێکی زانستییانەیە، بۆ ئەو پرسیارانەی کە لە ئەنجامی ئەو زانیارییە نوێیانە لەسەر پەیماننامەی لۆزان و ڕۆژنامەکانی ساڵی ١٩٢٣ی دەوڵەتی عوسمانیدا دروستدەبن، بۆیە ئەو ڕۆژنامانە بەشێوەیەکی تایبەت، باسیان لە بارودۆخی ڕۆژانی کۆنفراس و بابەتەکانی

پەیوەســت بە وڵاتانی بەشــداربووی لۆزان کردوە. لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراون و وەڵامێکی پێویست و بابەتیانەیان دراوەتەوە.

**ڕێبازی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی شـــیکاری مێژوویی بەکارهێندراوە، ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە دەوڵەمەند کراوە بە چەند ســـەرچاوەیەکی پەیوەســـت بەم ناونیشـــانە و بەکارهێنانی ڕۆژنامە عوسمانییەکانی ساڵی ١٩٢٣، کە بابەتەکانیان شیکردنەوە و خستنەڕووی جۆرایەتییان بۆ کراوە. ئەو بابەتانەی پەیوەندیی ڕاســـتەوخۆیان بە پەیماننامەکەوە هەبووە، جەختیان لەسەر کراوەتەوە و شەنوکەوی ڕووداوەکانی ئەو ماوەیەکراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە پێشـــەکی و دوو تەوەر و چەند ئەنجامێک پێکهاتوە. تەوەری یەکەمی توێژینەوەکە، بە پوختەیەکی مێژوویی، باسی پەیماننامەی لۆزان کراوە. بەهۆی ئەوەی پەیماننامەی لۆزان زۆری لەسەر نوسراوە و سەرچاوەیەکی بێ شوماری لەسەر هەیە، بۆیە لەم تەوەرەدا زۆر بە کورتی و بە پوختی باس لە پەیماننامەکە کراوە. توێژەر نەچۆتە ناو وردەکارییەکانی پەیماننامەکە. لە تەوەری دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا، بە ناونیشـــانی: پەیماننامەی لۆزان لە هەواڵنامەی ڕۆژنامە عوســـمانییەکانی ســـاڵی ١٩٢٣ دا، چەند بابەتێکی جۆراوجۆر باســـکراوە. لە بابەتەکانی ئەم تەوەرەدا، چەند زانیارییەکی نوێ لە ڕۆژنامەکان وەرگیراوە و شـــیکارییەکی بابەتییانەیان بۆکراوە. لە کۆتایشـــدا لە چوارچێوەی کارنامەی ئەم توێژینەوەیەدا چەند ئەنجامێکی نوێ بە دەســـتهێنراون و لە پێشـــەوەی لیســـتی ســـەرچاوەکاندا نوسراون.

**ســـەرچاوەکانی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا چەندین ســـەرچاوەی وەک: کتێب، نامەی ئەکادیمی، گۆڤار، ڕۆژنامە بەکارهێندراون، کە لە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەیان پێدراوە. وەک ئەوەی لە ناونیشـــانی توێژینەوەکەدا نوســـراوە، ڕۆژنامەکانی ســـاڵی ١٩٢٣ بە بنەما و سەرهچاوەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە وەرگیراون. بە تایبەت ئەو ڕۆژنامانەی بە شێوەیەک لە شـێوەکان باسـی پەیماننامەی لۆزانیان کردوە. لەگەڵ ئەوەی چەند ڕۆژنامەی دیکەش لە ساڵی (١٩٢٣)دا دەرچوونە، بەڵام ئەم ڕۆژنامانەی، کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراون، زانیاری ورد و باشـیان لەســەر پەیماننامەکە تێدایە. هەندێک لەو ڕۆژنامانە زمانحاڵی دامودەزگا فەرمییەکانی دەوڵەت بوونە، وەک ڕۆژنامەکانی: ئەماســـیا و میللی غایە و چەند ڕۆژنامەیەکی دیکەی فەرمی تێدا بەکارهاتوە. ئەم ڕۆژنامانە لەگەڵ بڵاوکرنەوەی هەواڵ و هەڵوێســـتی فەرمی دەوڵەت، لە هەندێک ژمارەدا دەنگی خەڵک و جەماوەر دەبینرێت، لەســـەر ئاســـتی کۆمەڵە و ڕێکخراوی

جوداجودادا، پێزانین و نارەزایەتی خۆیان لە هەمبەر ڕووداوەکانی ئەو کاتە و ناوەڕۆکی پەیماننامەی لۆزان دەربڕیوە.

**گرفتەکانی توێژینەوە:** گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم ئەم توێژینەوەیە، هەمەجۆر بوون. بەهۆی تایبەتمەندی ناونیشانهکەی، هەولدراوە، زۆرترین ڕۆژنامەی ئەو ماوەیە بەکاربهێنرێت. دەستخستنی ئەم ڕۆژنامانەش کارێکی هەروا ئاسان و سادە نەبوو، پێویستیان بە لێگەڕان و بەدواداچوونێکی زۆر هەبووە. بە دواداچوون و لێگەڕانی ڕۆژنامەکانی ئەم توێژینەوەیە، پێویستییان بە کات و پشوودرێژی سەلیقەیەکی زۆر هەبوو، بەهۆی سەرقاڵبوون بە کارەکانی خوێندنی قوتابیانی زانکۆ و کەمی کاتی ماوەی کۆنفراس فشارێکی زۆری لەسەر توێژەر دروستکردوە. ئەم هۆکارە وەک گرفتێکی هەرە سەرەکی بەردەم ئەم توێژینەوەیە بووو ماندووبوونێکی بێوچانی بۆ توێژەر دروستکردوە. هەر لە دۆزینەوەی ڕۆژنامەکانەوە بگرە تا خوێندنەوەیان. هەروەها بچووکی و تێکچوونی پیتی ڕۆژنامەکان گرفتێکی دیکە بوو، کە ڕەنج و ماندووبوونێکی زۆریان بۆ توێژەر دروستکردوە. بە شێوەیەکی گشتی دوای شەنوکەوکردنی زیاتر لە سەد ڕۆژنامە، ئەم چەند ڕۆژنامەیەی لەم توێژینەوەیە بەکارهێنراوە، دەستنیشانکران و بابەتی پەیماننامەی لۆزانیان بەم شێوەیە باسکردوە، کە لە ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیەدا نوسراوە. ئەم گرفتە هەر چۆنێک بووبێت، بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر توانراوە چارەسەری ئەو گرفتانە بکرێت، کە ئاستەنگیان بۆ توێژەر دروستکردبوو. توانراوە، لە بارەی ئەم ناونیشانەوە توێژینەوەیەکی پوخت و زانستییانە بە دەستبهێنرێت.

**سەرنجێکی پێویست:** لەم توێژینەوەیەدا هاوشانی ناوهاتنی پەیماننامەی لۆزان و ڕۆژنامەکانی ساڵی ١٩٢٣، ناوی "دەوڵەتی عوسمانی" بە شێوەیەکی سەرەکی دەهێنرێت. لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی هیچ سەروەرییەکی جارانی لەو کاتەدا نەمابوو، بەڵام ناوی فەرمی خۆی لەدەستنەدابوو، هەرچەندە دەسەڵاتی تورکەکان بەسەر حکومەتی ئەستەمبوڵ و ئەنقەرەدا دابەشبووبوو، کەچی بەهۆی میراتی عوسمانی کەم تا زۆر ناوی دەوڵەتەکە هەر بەرکار بوو. پێنج مانگ لە دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی دەوڵەتی کۆماری تورکیا (٢٩ تشرینی یەکەمی ١٩٢٣)، لە سەرەتای مانگی ئاداری ١٩٢٤ دا، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی عوسمانی دەرچوە. بەیەکجاری کۆتایی بە ناوی دەوڵەتی عوسمانی هێنرا. بەم هۆیە و لەسەر ئەو بنەمایە، ناوی دەوڵەتی عوسمانی لەم توێژینەوەیەدا هاتوە.

## تەوەری یەکەم: پوختەیەکی مێژوویی پەیماننامەی لۆزان (١٩٢٣)

پەیماننامەی لۆزان، پەیماننامەیەکی هەروا بێ پێشـــینە نەبووە، بەڵکو لەئەنجامی لێکەوتەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و پەیماننامەی سـێڤەر (١٩٢٠) هاتۆتەئارا، پێش دروسـتبوونی پەیماننامەی لۆزان بارودۆخی نێودەوڵەتی بە گشـتی و دەوڵەتی عوسـمانی بە تایبەتی ڕووبەڕووی ململانێیەکی توندی نێوانیان بوونەتەوە، هەر یەکێک لە وڵاتانی ئەوروپا پەلەپرۆزێیان لەسەر دابەشکردن و بەدەستهێنانی زۆرترین میراتی دەوڵەتی عوسمانی کردوە، لە بەرامبەریشدا دەوڵەتی عوسمانی بەهۆی شکستەکانی لە جەنگ، پێویستی بە ئاشتی و پشوودانێکی تەواو هەبوو. هەر چۆنێک بووبێت، دوای هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی، چەند وڵاتێکی لێ جیاکرایەوە و چەند نەتەوەیەک بە تەواوی سەربەخۆییان بە دەستهێنا. یەکێک لەو دەوڵەتانە کۆماری ئێستای تورکیا بووە، وەک وڵاتێکی نوێ لەسـەر پاشـماوەی دەوڵەتی عوسمانی دامەزرا.

بەشـێوەیەکی گشـتی، هەر یەک لەم وڵاتانەی لە جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ – ١٩١٨) بەشداربوون، بە شێوەیەک لە شێوەکان مەبەستیان کۆتاییهێنانبوو، بەو دۆخەی لە ئەنجامی جەنگی جیهانیدا دروسـتببوو. هەوڵیانداوە، ئاشـتی و سـەقامگیری لە جیهان بە گشـتی و بە تایبەتی لە ڕۆژهەلاتدا بێننەئارا. ئەوەبوو، لە دوای ئاگربەسـت و ڕێککەوتننامەی مۆدرۆس (١٩١٨) (BAŞAK,2018, s 7 – 9)، گفتوگۆ و دانوسـتاندن لە نێوان وڵاتانی هاوپەیمان و دەوڵەتی عوسمانیدا ئەنجامدراوە، ئەنجامی ئەم گفتوگۆ و دانوستاندنەی لەنێوان هەردوو لایەنی سـەرکەوتوو شکستخواردوی جەنگ، پەیماننامەی سێڤەر (١٩٢٠)ی لێکەوتۆتەوە. واژۆکردنی ئەم پەیماننامەیە، کاردانەوەیەکی توندی لە دەوڵەتی عوسـمانی دروسـتکردوە، ناڕەزایەتییەکی زۆری لە سەرانسەری وڵات بەدوای خۆیدا هێناوە. جگە لەوەی کە پەیماننامەکەی واژۆکردبوو، هەموو ئەوانەشی لە کۆبوونەوەکانی سێڤەر بەشدارییانکردبوو، بە خائین و دوژمنی دەوڵەتیان ناسـاندن. بە زمانێکی زۆر زبر و توند هێرشـیان کردونەتەسـەر، بە دەرچواندنی یاسـایەکی پەرلەمانی، هەموو ئەم کەسـانەیان تۆمەتبارکرد، کە لە پەیماننامەکەدا بەشـدارییانکردوە. پێشـنیازی ئەوەیان کردوە، هەموو ئەو کەسانەی لە پەیماننامەی سێڤەر بەشدارییانکردوە، بە خیانەتکار بناسێندرێن.

بەم شێوەیە، ئەنجوومەنی گەورەی نیشتمانی دەوڵەت، کاردانەوەیەکی زۆر توندی لە بەرامبەر پەیماننامەی سـێڤەردا هەبووە، بەهیچ شـێوەیەک دانی بە پەیماننامەکەدا نەناوە. بە ئەنجامدانی

چەندین چالاکی جۆراوجۆر ڕووبەڕووی پەیماننامەی سیڤەر بوونەتەوە، چەند جەبهەیەکیان لە دژی وڵاتانی بەشداربوو لە پەیماننامەی سیڤەر کردۆتەوە، بە داگیرکەر و ئیمپریالیزم وێنایان کردون، یەکێک لە کەسە ناڕازییەکانی ئەو بەرەیە، مستەفا کەمال بووە. وەک ئەوەی لە پێشەوە ئاماژەی بۆکرا، کاردانەوەکان هێندە توند بووە، بەهیچ شێوەیەک لێخۆشبوونیان بۆ نوێنەرە بەشداربووەکانی دەوڵەتی عوسمانی نەبووە، هەتا ئەو لێخۆشبوونەی لە دوای ڕێککەوتننامەی لۆزانیش دەرچووە، ئەو کەسانەی نەگرتۆتەوە، کە بەشداری پەیماننامەی سیڤەرییان کردبوو، بەهۆی واژۆکردنی پەیماننامەکە بۆ دەرەوەی وڵات دوورخراونەتەوە. ( Kaya, 2007, s. 22 – 24 ؛ Alpaslan, 2008, s. 69 – 71).

لە ڕوانگەی ئەم هەڵوێستەی ئەنجوومەنی گەورەی نیشتمانیدا، دەکرێت، بگوترێت: پەیماننامەی سیڤەر هەر بە مردویی لە دایکبوو، چونکە ئەو ناڕەزایەتییە توندەی کە لە لایەن خەڵک و کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی دروستبوو، زۆر ئەستەم بوو ماددەکانی ئەو پەیماننامەیە، وەکو خۆی جێبەجێبکرێت. دەوڵەتی عوسمانی وەک لایەنێکی سەرەکی پەیماننامەکە، دەبوو هەماهەنگی لەگەڵدا بکرێت، تاکو بەندەکانی پەیماننامەکە بچنە بواری جێبەجێکردنەوە. دروستبوونی ئەم ناڕەزایەتییانە کاریگەری لەسەر گفتوگۆ نێودەوڵەتییەکان دروستکردووە، ڕاستەوخۆ لە دوای پەیماننامەی سیڤەر، دەستیان بە جموجۆڵ کردوە و زەمینەسازییان بۆ ڕێککەوتننامەو پەیماننامەیەکی نوێ کردوە. هەڵبەتە، بەشێکی ئەم هەوڵانەش لەژێر فشارەکانی سیاسەتمەدار و کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانیدا کراوە. بەرهەمی ئەم هەوڵانەش خۆی لە کۆنفراس و پەیماننامە لۆزاندا دەبینێتەوە. بەهۆی ئەوەی ڕێککەوتننامە و پەیماننامەکانی پێش لۆزان، بارودۆخێکی تایبەتیان بۆ دەوڵەت دروستکردبوو، زۆربەی نوسەر و مێژوونوسەکان پەیماننامەی لۆزان وەک فریادڕەس و ڕزگارکەری دەوڵەت لە چنگی داگیرکەران وێنادەکەن. پەیماننامەی لۆزان لە نێوان هەر یەکێک لە وڵاتانی: بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، ژاپۆن، یۆنان، ڕۆمانیا و وڵاتە جیابووەکانی سربیا (کرواتیا، سلوڤینیا) لە لایەک و دەوڵەتی عوسمانی لە لایەکی دیکە. لە دوای چەندین دانیشتن و گفتوگۆی چڕ، پەیماننامەیەکیان بە چەند بەشێکی تایبەت بە بابەت و پرسە پەیوەستدارەکان واژۆکردوە. ئەم پەیماننامەیە لە (١٤٣) ماددەی سەرەکی و چەند برگەیەکی دیکەی لاوەکی پێکهاتوە، بەشێکی زۆری لە ویست و داخوازییەکانی دەوڵەتی نوێی کۆماری تورکیای تێدا جێکراوەتەوە. (Hürmüzlü, 2021, s. 31 – 92 ؛ Doğruöz, 2013, s. 20 – 25).

بەم هۆیەوە بەشێک لە مێژوونوسان پەیماننامەی لۆزان بە بەڵگەنامەو خاڵێکی بەهێزی دەوڵەتی نوێی تورکیا دادەنێن. پێیانوایە، پێش ئەوەی کۆماری نوێی تورکیا ڕابگەیندرێت، سیاسەتمەدارانی تورک و دڵخوازەکانی سیستەمی کۆماری، دانپێدانانی سەربەخۆییان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا وەرگرتوە. بۆیە ئەم بابەتە بە خاڵێکی زۆر سەرنجڕاکێشی مێژووی کۆماری تورکیا دادەنرێت. هەروەها کۆمارییەکان و سیاسەتمەدارانی تورکیا، لۆزان بە پەیمانێکی بنەڕەتی و بناغەی دامەزراندنی کۆمار ناودەبەن. یەکێک لە مێژوونوسە دیارەکانی تورک ئەم جۆرە تێگەیشتنە بە زیادەڕەوی دەبینێت، لەو بارەیەوە، دەڵێت: "**ئەگەر سەیری یاساکانی پەیماننامەی لۆزان بکەین، دەوڵەتی نوێی کۆمار لەسەر هەڵوەشاندنەوەو و پاکتاوکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دروستکراوەو بە ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی هاتۆتە بوون و دانی پێدانراوە**". بۆیە بەشێک لە لایەنگرانی دەوڵەتی عوسمانی ئەم ڕێککەوتنە بە شکست دەبینن، نەوەک سەرکەوتن. پێیانوایە، پەیماننامەکە بەتەواوی لەلایەن وڵاتانی دەرەوە دروستکراوە و کارنامەی دەوڵەتەکە لەسەر بنەمای ئەوانە، کە مەبەست لێی لەلایەن ئەوروپییەکانەوە داڕێژراوە و هەر بە ئاراستەی سیاسەتی ئەوانیش هەنگاوی ناوە. (Ortaylı, 2016, s199).

## تەوەری دووەم: پەیماننامەی لۆزان لە هەواڵنامەی ڕۆژنامە عوسمانییەکانی ساڵی ١٩٢٣دا

لە دوای چەندین کۆبوونەوە و تاوتوێکردنی چەند پرسێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی لە لۆزان، پەیماننامەکە واژۆکراوە. هەندێک لە کۆبوونەوەکان تایبەت بوون بە پرسی پەیوەندییە سیاسییەکان، بابەتە ئابوری و قەرزە دارایییەکان، نیشتەجێبوون و قەرەبووکردنەوەی دانیشتوان و چەندین پرسی دیکەی تایبەت بە لێکەوتەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی. لە پێناو دەستەبەرکردنی زۆرترین دەستکەوت و بەرژەوەندی، شاندی نێردراوی تورکەکان پێداگرییەکی زۆریان لەسەر مافەکانی دەوڵەتی نوێی تورکیا کردوە. لەم تەوەرەدا، هەر یەک لەو پرس و بابەتانەی کە لە پێشەوە ئاماژەیان بۆ کرا، لە ڕۆژنامەکانی عوسمانیدا دەخرێنە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

### یەکەم: پرسی ئاشتی لە کۆنفڕاسی لۆزاندا

وەک ئەوەی لە هەواڵەکانی ئەوکاتەی ڕۆژنامەکانی عوسمانیدا تێبینیدەکرێت، بەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە وڵاتە زلهێزەکان ماندووبوونێکی زۆریان پێوەدیاربووە، بەتایبەتی هەردوو وڵاتی فەرەنسا و بەریتانیا. لە پاڵ ئەوانیشدا، دەوڵەتی عوسمانیش خواست و تامەزرۆییەکی زۆری بۆ ئاشتی هەبوو. بۆیە دەکرێت، بگوترێت: تەواوی جیهان پێویستیان بە پشوودان و هاتنەئارای ئاشتی هەبووە، بۆ ئەم مەبەستەش لە هەموو لایەکەوە هەوڵی هێورکردنەوەی بارودۆخی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دراوە، لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەشدا کۆنفرانسی لۆزانی لێکەوتۆتەوە. بابەتی ئەم هەواڵانە لە ڕۆژنامەیەکی عوسمانیدا بڵاوکراوەتەوە، باس لەوە دەکات و دەڵێت: "کۆنفراسی لۆزان، جیاواز لە کۆنفرانسەکانی پێشووتر زۆر بە بێدەنگی و هێمنی بەڕێوەدەچێت. لەگەڵ ئەوەی ناوبەناو هەڵچوون و مەترسی تێکچوونی دانوستانەکان لە ناو کۆنفراسەکەدا دروستدەبن، بەڵام بەهۆی هەبوونی هێزێکی کاریگەر، کە دەتوانێت بەسەر ئاڵنگاری و ڕووداوەکاندا زاڵبێت، هەوڵەکانی ئاشتی نەوەستاوە و هەروا بەردەوامە". هەر لەو بارەیەوە تورکەکان وەک لایەنی شکستخواردوی جەنگی یەکەمی جیهانی چاوەڕوانی و ئومێدێکی زۆریان لەسەر کۆنفڕاسەکە هەڵچنیوە، لە ڕۆژنامەکەدا نوسراوە:

**"ئەم دۆخەی کە ئەمڕۆ لە لۆزان دەگوزەرێت، دەکرێت ئومێدێکی ئاشتیمان پێ ببەخشێت، وڵاتانی بەشداربووی کۆنفڕاس لەوە تێگەیشتون کە پێداگری و**

**هاژوهوژەکانیان هەرچەندە زۆربێت، هیچ شـــتێک لە جەوهەری بابەتەکان ناگۆڕێت و سازش لەسەر مافە یاسایی و نەتەوەییەکانمان ناکەین".**

(عیسمەت پاشا) (١٨٨٤ – ١٩٧٣) و ئەندامانی دیکەی شاندەکەمان بەوپەڕی ئارامییەوە، خۆیان لە بەرامبەر تاڵترین ناڕەزایەتی و داواکارییەکان گرتوە، لە پێناو دەســـتەبەرکردنی مافەکانمان، خۆڕاگرییەکی بێ وێنەیان لە گفتوگۆییەکاندا نیشـــانداوە، لە چارەســـەرکردنی کێشـــەکان و ئەو مانۆڕانەی کە مەترسیان لەسەر ئاشتی دروستکردوە، ڕۆڵێکی زۆر لێهاتووانەیان بینیوە. ئەگەر ڕووداو و باهۆزێکی نوێ ســـەرهەڵنەدات، خەریکە گرێ و گۆلێکی زۆری کێشـــەکان دەکرێنەوە، وای دەبینین، کە شـــتەکان بە گەرموگوڕییەوە تەواوبن، چونکە هەموو لایەک ئامادەســـازیی و هەماهەنگیان تێدا بەدیدەکرێت. هەروەها چاپکراوە فەرەنســـییەکانیش هێرشـــە توندو زمان زبرییەکەیان لە دژی ئێمە ڕاگرتوە و هیچ هەڕەشە و زمانێکی زبری لە ئاستی بالادا نییە. هێمنی و ئارامییەک لە دەموچاوی دیپلۆماتکارەکاندا هەســـتپێدەکرێت. لەگەڵ خێرایی دانوســـتاندنەکان، پێشـــکەوتنیش لە کارەکاندا هەیە. هەواڵەکانی تەلگرافنامەکان باس لەوە دەکەن، کە زۆرێک لە بڕگە و مادەکان لە بەرژەوەندیی ئێمە دەستکاریکراون و هەندێکیشیان هەڵوەشاونەتەوە. ئەگەر وەرەمە پیســـەکە (کە مەبەســـت لێی تێکچوونی کۆنفراس و ســـەرهەڵدانەوەی شـــەڕە) دووبارە زیندوو نەبێتەوە، خەریکە کۆنفرانســـی لۆزان دەچێتە قۆناغێکی بنەڕەتی و ڕێچکەی ئاســـایی خۆی وەردەگرێت. (Yeni Adana Sayı: ٣٩٢، ٢٢ Mayıs ١٩٢٣).

بەم شـــێوەیە دوای چەند ســـاڵێک لە شـــەڕکردن، هەریەکێک لە ولاتانی بەشـــداربووی جەنگی یەکەمی جیهانی، بە تامەزرۆییەوە لە ئاشـتییان ڕوانیوە. سـەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی بەریتانیا (ستانلی بالدوین) (١٨٦٧ – ١٩٤٧) ڕایگەیاند، حکومەت داوای پەسـەندکردنی ئاشـتینامەی لۆزان دەکات، لەوبارەیەوە وتارێکی لە پەرلەمان پێشکەشکردوە و ویستی خۆی بۆ پرۆسـەی ئاشـتی دەربڕیوە. (Sayı: 79 - 14 Kasım 1923 Amasya). هـەروەهـا تورکـەکـانیش لـە ڕۆژنامەکاندا باســـیان لەوە کردوە، دوژمنەکانمان وەکو ئێمە پێویســـتیان بە ئاشـــتی هەیە، هەریەکەیان کێشـەی وایان هەیە، ناچارن بە زووترین کات ڕێککەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ ئێمەدا بکەن. بۆیـە بەم زوانە دیپلۆمـاتکـارەکـانمـان لە دەوری مێزی گفتوگۆ لە لۆزان کۆدەبنەوە. هیواخوازین ئەمجارە بلاوەی لێنەکەن و ئـاشـــتی و کـارێکی چاکەخوازانە بۆ هەموو گەلان بهێننەدی. وەک لە تەلگرافنامەکانی دەخوێنرێتەوە، ڕۆژنامە ئەورووپییەکان، بۆچوون و لێدوانی توند لەبارەی ئاشـــتی دەدەن. دیپلۆماتکارانی ئەورووپی هەر لە کۆنەوە بەڵێنیان بە نەتەوەکانیان دەدا، کە لە زووترین کاتدا، کارێک بۆ بەرقەرارکردنی ئاشـــتی لە ڕۆژهەڵات دەکەن. هەروەها

تورکەکانیش وا نیشاندەدەن، لە هەموو کەس زیاتر هەستی مرۆڤبوونیان هەیە. ئاشتیخوازییان لەگەڵ ویستە نەتەوەییەکانیاندا یەکدەگرێتەوە. بۆیە میللەتی تورک ئاشتی ڕاستەقینەی دەوێت، هیچ مەرجێکی بۆ ئاشتییەک ناوێت، کە نەتوانرێت قبوڵبکرێت. ئێستا میللەتی تورکیا دەیەوێت، بە ئاسوودەیی و بەختەوەری بژیت. ئاشتی دەوێت، بۆ ئەوەی کاروباری ئابوری خۆی ڕێکبخاتەوە. تەنیا مەرج و پێشنیازی ئاشتی ئێمە ئەوەیە، نامانەوێت کەسێک لە وڵاتی خۆماندا پلەی ئاغایەتی لە سەرووی ئێمەوە هەبێت و ئیمتیازات بە بێگانەکان بدات، دەبێت سەربەخۆیی و ئازادیمان لەبەرچاوبگیرێت. جگە لەم ئازادییە، ڕێگەچارەی دیکە ئەوەیە، دووبارە چەک هەڵبگرینەوە. میللەتی تورکیا شەڕی پێ لە سەربەخۆییەک باشترە، کە شەرەف و کەرامەتی داگیرکرابێت و ژێردەستەبێت. بۆ ئەم مەبەستە نوێنەر و ڕێپێدراوەکانمان جارێکی دیکە دەچنەوە لۆزان، بەهیوای ئەوەی ئەمجارە ئاواتە نەتەوەییەکانمان لەناو پەیماننامەکەدا دروستببێت. ( Haber Sayı: 1 – 12 Nisan 1923). هەر لەبارەی هەوڵەکانی ئاشتی و کۆنفڕاسی لۆزانەوە، هەواڵە تەلەگرافنامەییەکانی ڕۆژنامەکانی ئەو کاتەی عوسمانی، ئاماژە بە هەواڵی ناخۆش و نیگەرانی تورکەکان دەکەن. ڕۆژنامەی "ئەمەل" لەو بارەیەوە نوسیویەتی: "**ئێمە وەک تورک هەمیشە ئاشتیخوازین، لەو کەسانە نین کە بمانەوێت لە ڕێگەی دیکەوە بگەینە ئەنجام، بەڵام بە داخەوە لایەنی بەرامبەرمان وا نەبوون، لە دانپێدانانی مافەکانمان دەترسن و بە دوودڵییەوە لێیدەڕوانن**". هەر لەو ڕۆژنامەیەدا، باس لە هەڵویستی وڵاتانی ئەوروپا کراوە. لەوبارەیەوە، نوسیویەتی: "**دیپلۆماتکارانی ڕۆژئاوا دەیانویست بە قسە باقوبریقەکانیان خۆیان وەک ئاشتیپارێز دەربخەن**". بەڵام ئەم قسانەیان لە کاتی دانوستانەکاندا ڕوونبۆتەوە، بە ڕوون و ئاشکرایی، ئەوە دەردەکەوێت. کە چ ڕیا و درۆزنایەتییەکیان لەژێرەوە هەیە. لەو بارەیەوە ڕۆڵی بەریتانییەکان بە خراپە باس دەکرێت و بە هەوڵی نانەوەی دووبەرەکی و تێکدانی پەیوەندی نێوان وڵاتانی: فەڕەنسا و ئەڵمانیا لەگەڵ تورکەکان تۆمەتباریان دەکات. بە شێوەیەکی وا باسی ئەوروپییەکان دەکەن، بە سەیروسەمەرە و نارێکی باری دەرونییان ناویاندەبەن. باس لەوە دەکەن، کە ئەوان لە رووکەشدا نەرم و نیانن، بەڵام لە ناخەوە داخ لە دڵ و تۆڵەسێنن، لە بابەتی مخەنەتی و پڕوپاگەندەی نەگبەتیدا زۆر لێهاتون. هیچ هاریکار و یارمەتیدەرییەکیان بۆ لاواز و بێ هێزەکان نییە. هەروەها لە بارەی تورکەکانیش لە ڕۆژنامەکاندا بەم شێوەیە نوسراوە و دەڵێت: "ئێمەی تورک لە دانوستانەکانمان بەردەوام بووین، لە پێناو ئامانجەکانمان سەڵماننەکردەوە، دەزانین، ڕۆژێک دێت، مافەکانمان بە ڕاستی و دادپەروەرییەوە دانیانپێدادەنرێت". هەروەها بە جیاکردنەوەی بارودۆخی خۆیان، بەم شێوەیە، باس لە خواست و مافەکانی خۆیان دەکەن:

"دۆخی ئێمە لەســـەر بنەمای ڕاســـتی شـــەڕە، نەک ئەگەری ئاشـــتی. ئێمە وەک هیچ کام لەو دەوڵەتانە نین، کە بە ئاشـــتییانە قســـەمان لەگەڵ دەکەن. ئێمە لە حاڵەتی شـــەڕداین، ســـوپایەکی چەکداری ســـەدان هەزاریمان هەیە، بە حەســـرەتی ئامانجی نەتەوەیی و بە دیهاتنی مافەکانیان خۆیان دەکەنە قوربانی." (Emel Sayı: 77 – 1 Şubat 1923) ؛ ( Emel Sayı: 81 – 1 Mart 1923). لە ڕۆژنامەیەکی دیکەدا هاتوە و دەڵێت: نەتەوەی تورک ئامادەیە، بە چەک بەرگری لە ژیان و مافی خۆی بکات، لە بەرامبەر ئەوروپاییەکاندا بجەنگێت. ئەگەر ئەوروپییەکان پێداگری لەســەر پێشێلکردنی مافەکانمان بکەن و بە ئاراستەی شەڕ هانمانبدەن، ئەوا ئێمە، لەو جۆرە کەســـانە نابین، کە بێدەنگ دەبن، لە پێناو بەدەســـتهێنانی مافی تەواوەتی، خۆمان بەختدەکەین و قوربانی لە پێناو دەدەین، ئەگەر بیانەوێت دەتوانن تاقیمانبکەنەوە. ( Halk (Konya) Sayı: 2 – 13 Haziran 1923)).

بە شێوەیەکی گشتی دانوستاندنەکان بە جووڵە و سەرسەختییەکی زۆری وڵاتە سەرەکییەکانی وەک: فەرەنســـا، بەریتانیا و دەوڵەتی عوســـمانی و ئەندامانی دیکەی بەشـــداربوو لە کارەکانی کۆنفراســـی لۆزان بەردەوام بوونە. شـــاندی دەوڵەتی عوســـمانی، جگە لە متمانە بەخۆبوون و کاری جددی، هیچ شتێکی دیکە لەبەردەمان نەبوو. بەو ئامانجە لە لۆزانەوە ڕاپۆرتکراوە و تێیدا هاتوە، کە ئەمشـــەو عیســـمەت پاشا لە دانیشـتنێکیدا لەگەڵ ئەفســـەرانی هاوپەیمانان، پرسـیاری ئەوەی لێکردون، کەی وەڵامی یەکلاکەرەوەیان دەدەنەوە؟، (ژەنەراڵ بێل) لە وەڵامدا پێیگوتوە: هەوڵدەدات وەڵامەکەی وەربگرێت و لەم ڕۆژانەدا وەڵامیان دەدرێتەوە. هەروەها چاوپێکەوتنی عیســـمەت پاشـا و کەســـێکی دیکە بەناوی (ڕۆمۆڵد) بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو. پێدەچێت، فەرەنســـــییەکان داوای ڕێنماییان لە حکومەتەکەیان کردبێت، تاکو لە چوارچێوەی پلان و بەرژەوەندیی وڵاتەکەیان، لە گفتوگۆکانی کۆنفراســـــدا، دانوســـــتاندن بکەن. (MuvaffakiyetiMilliye Sayı: 1 – 2 Temmuz 1923).

**دووەم: بابەتە ئابورییەکان**

بابەت و پرسە ئابورییەکان، لایەنێکی دیکەی گرنگ و سەرەکی دانوستانەکانی کۆنفراسی لۆزان بوون. بابەتی قەرەبووکردنەوەی زیانەکان و ئاوەدانکردنەوەی شـوێنە خاپووربووەکانی جەنگ، مژارێکی سـەرەکی گفتوگۆکان بووە. لەبەر ئەوەی پرسە ئابورییەکان بابەتێکی سـەرەکی بوون، بۆیە ڕووپەڕێکی دیاری ڕۆژنامەکانی ئەو کاتی لە ڕۆژانی کۆنفراســـــدا گرتوە. لە هەواڵێکی تایبەتدا، کە لە ڕێگەی تەلگرافنامەوە بە ڕۆژنامەی "یەنی ئەدەنە" گەیشـتوە، هاتوە، گفتوگۆی چڕ

لە بارەی تەرخانکردنی بووجەی تایبەت و نۆژەنکردنەوەی شـــوێنە وێرانبوەکاندا کراوە. جۆری ئەو پارەیەی قسەی لەسەر کراوە، فرانکی فەرەنسی بووە. هەر یەکێک لە وڵاتەکانی بەشداربوو، هەوڵیانداوە، زۆرترین دەســـتکەوت و قەرەبووی ماددی بەدەســـتبهێنن. هەروەها بابەتی قەرزە گشتییەکان و ڕێژەی سووی قەرزەکانیش پرسێکی سەختی نێوان وڵاتانی بەشداربوو بە گشتی و دەوڵەتی عوســــمانی و فەرەنســـــا بەتایبەتی بووە. هەروەک لە هەواڵەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا تێبینیدەکرێت، دوای مشـــتومڕێکی زۆری لێژنەکانی پەیوەســـتدار بەم بابەتە، چەند ماددەیەک لە بەرژەوەندیی هەردوولا هەموارکراوەتەوە. ئیمتیازات بە کۆمپانیای وڵاتانی بەشـــــداربووی کۆنفراس دراوە و چەند ماددەیەک بۆ پەیماننامەی لۆزان زیاد و کەمکراوە. ( Yeni Adana Sayı: 392 – 22 Mayıs 1923). هەر لەبارەی ســــووی قەرزەکانەوە، لایەنی فەرەنســـــی سووی قەرزەکانیان وەک زێڕ دەویست. ئەمە لە کاتێکدا بوو، پێشتر پێشنیازی ئەوە کرابوو، کە خاوەن هاوبەشەکانی کۆنفراس، ڕاستەوخۆ لەگەڵ حکومەتەکەمان مامەڵەبکەن و دانوستاندن لە نێوانیاندا دەستپێبکەن، بەڵام (ژەنەڕاڵ پێلێ) (١٨٦٣ – ١٩٢٤) وەک لایەنی فەرەنسی فەرمانیداوە، بەپێی دواین ڕێنمای، کە لە حکومەتی پاریســـــەوە وەریگرتوە، پێداگری لەســـــەر ئەوە بکەن، کە ڕێژەی ســــووی قەرزەکان یەکســــان بکەین و بکرێتە زێڕ. ( Haber Sayı: 10 – 3 Mayıs 1923).

بەهۆی پێداگری نوێنەرانی هاوپەیمانان لەبارەی ســــووی قەرز و زێڕ، دۆخێکی جددی هەبوو، تەنانەت بارودۆخی کۆنفرانســــەکە گەیشـــتبووە ئاســـتێک، نزیکبوو شـــکســـتبهێنێت. ئەم جۆرە مـامـەڵـەکردنـە لە ڕووی ئـابوورییەوە، ئێمـە دەخـاتـە دۆخێکی نـاجێگیرەوە. وەک لە هـاوپێچی هـەواڵەکەدا هـاتوە، بەهۆی ئـەم پێـداگرییـەی هـاوپەیمـانـان، ئەمە لەلایەن حکومەتەکەمـانەوە ڕەتکرایەوە و نوێنەرەکانمان بەپەلە کۆنفراســـــی لۆزانیان بەجێهێشـــــتوە. ئەم هەڵوێســــتەی نوێنەرەکانمان نواندنەیان، هاوپەیمانانی گەیاندۆتە ئەو بڕوایەی، کە بڕیارەکەمان زۆر جدی و کۆتاییە، بۆیە بە قازانجی ئێمە، دەستیان بە جوڵەی ئەرێنی کردوە. ( Halk (Konya) Sayı: 2 – 13 Haziran 1923).

لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی وڵاتانی هاوپەیماندا، وا دەردەکەوێت، شاندی تورکەکانیش نەرمیان نواندبێت، ئەوەیان قبوڵ کردوە، کە هەموو ســـووەکانی قەرزی فەرەنســـی و قەرزەکانی دیکە بە فرانک بدرێتەوە. بۆ ئەو مەبەســـتەش (عیســـمەت پاشـــا) ئاگادارییەکی بۆ هاوپەیمانان ناردوە و ئەوەی پێڕاگەیاندون، ڕێژەی سووەکە تەنیا بە فرانکی فەرەنســی دەدرێت. هەروەها هاوپەیمانان پرســی نۆژەنکردنەوەی شــوێنە وێرانبووەکان، کە لە لایەن تورکەکانەوە داوا لە یۆنان دەکرێت،

بۆ بڕیاری خەڵک جێبهێڵدرێت. بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە، لەلایەن هاوپەیمانانەوە پێشنیازێکی لەو شێوەیە بێتە پێشەوە. ئەم بابەتە لە دانیشتنی گشتییدا تاوتوێدەکرێت و هاوپەیمانەکانیش وەک تەماشاکار دەمێننەوە، بۆیە هەر بڕیارێک لەو بارەیەوە بدرێت، بۆ ئەوان وەکو یەکە. هەروەها لە بەیاننامەیەکی دیکە، کە لەلایەن شاندی دانوستاندکارمانەوە وەڵامی یۆنانییەکان دراوەتەوە، پێداگری لەسەر داواکاری نۆژەنکردنەوە و چاککردنەوەی شوێنەکان دەکرێت. بۆ ئەو مەبەستەش داوای چوار ملیار فرانکی زێڕ لە یۆنانییەکان دەکرێت. (عیسمەت پاشا) لەبارەی ئەم بابەتەوە ئەوەی پێڕاگەیاندون، ڕێنماییان لە ئەنقەرە وەرگرتوە. لە بەرامبەردا لایەنە ئاگاداربووەکانی گفتوگۆی نێوان تورکیا و یۆنان هیوای ئەوەیان خواستوە، کە نزیکبوونەوە و ڕێککەوتن لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا ڕووبدات. ( Yeni Adana Sayı: 394 – 24 Mayıs 1923)؛ (Halk (Konya) Sayı: 3 – 14 Haziran 1923). بە مەبەستی ڕێکخستنی کارەکانی قەرەبووکردنەوە و ڕێکارەکانی جێبەجێکردن، کۆمەڵەیەکی تایبەت بە ناونیشانی: "کۆمەڵەی نیشتەجێبوون و هاریکاری" بۆ دووبارە نیشتەجێکردنەوە و هاوکاریکردنی لێقەوماوانی جەنگ دامەزراوە. ژمارەیەک ڕێنمایی و ڕاسپاردە بۆ کەسانی پەیوەستدار بەم بابەتەوە دەرچووە، ئەم خاڵانەی خوارەوە بەشێکن لە دیارترین ڕێنمایی و بڕیارەکان:

١. موڵکی یاسایی ئەو کۆچبەرانەی پێش شەڕی بەڵقان یۆنانیان بەجێهێشت یان لە دەرەوەی یۆنان نیشتەجێبوون، لە پەیمانی لۆزاندا پشتڕاستکرایەوە و پەسندکران.
٢. داهاتی ئەم موڵکانەی تاوەکو ئێستا ڕادەستی حکومەتی یۆنان کراوە، بۆ خاوەن موڵکەکان دەگەڕێنرێتەوە.
٣. بۆ ئەوەی کۆچبەران لەم یاسایەدا سوودمەند بن و مافەکانیان بۆ بگەڕێتەوە، پێویستە بەڵگەی تایبەت بە موڵکەکانیان، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بە داواکارییەک پێشکەش بە کۆمەڵەی هاریکاری بکەن.
٤. بارەگای کۆمەڵەکە لە باڵەخانەیەکی تایبەت دایە لە تەنیشت بانکی ئەمنی.
٥. بەو پێیەی دانیشتوانی ڕۆم و ئەرمەنییەکان لە خانوودا نیشتەجێن و لەگەڵ ئاوارەکان ئاڵوگۆڕ و جێگۆڕکێیان پێدەکرێت، ئەمەش لەلایەن کۆمەڵەکەوە تۆماردەکرێن و بە گوێرەی داواکاری و بەڵگەنامەکانیان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. ( Adapazari Sayı: 80 – 19 Ekim 1923).

وەک ئەوەی لە ناوەڕۆکی ئەم خاڵانەی سەرەوە تێبینیدەکرێت، پرسی قەرەبووکردنەوەو نۆژەنکردنەوەی شوێنە وێرانبووەکانی جەنگ، لە پرسە سەرەکی و دیارەکانی کۆنفراسی لۆزان

بووە، هەریەک لە وڵاتە بەشـداربووەکان، لە هەوڵی بەدەسـتهێنانی زۆرترین دەسـتکەوت و ڕێژەی قەرەبووکردنەوەی وڵاتەکانیاندا بوونە.

## سێیەم: بابەتی پەیوەندییە سیاسییەکان

لایەنێکی دیکە لە بابەتە گفتوگۆ لەسـەر کراوەکانی کۆنفڕاسـی لۆزان، پەیوەندی نێوان وڵاتەکان بووە. بە مەبەسـتی ڕێکخسـتنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، شـاندی تورکەکان لە هەوڵی دروسـتکردنی زەمینەسـازی و دارشـتنەوەی پەیوەندیی وڵاتەکەیان دابوونە. یەکێک لە هەوڵەکانیان لەگەڵ وڵاتی پۆڵەندا بوو. هەردوو کونسـوڵگەری تورکیا و پۆڵەندا لە بواری پەیوەندییە سـیاسـی و بازرگانییەکاندا گفتوگۆیان کردوە. لە ڕۆژانی کۆنفڕاسـدا، کاتژمێر پێنجی ئێوارە لە شوێنی مانەوەی شاندی تورکیا و بە سەرپەرشتی (عیسمەت پاشا) شاندی هەردوولا کۆبوونەتەوە. (عیسمەت پاشا) لەو وتارەی، کە خوێندویەتییەوە، ئاماژەی بەوە کردوە، ئەو دوو نەتەوەیە تایبەتمەندی هاوبەشـیان لە نێواندا هەیە، بە ئامانجی زیاتر لەیەک نزیک بوونەوەی و لە یەکتر گەیشـتن و خۆشـەویسـتی نێوانیان، ئاماژەی بە قارەمانیەتی و دڵفراوانی و جددی بوونی هەردوولا کردوە. لە بەرامبەردا نوێنەری پۆڵەندا ئاواتەخوازی ئەوەبووە، دۆسـتایەتی کۆن لە نێوان هەردوو وڵاتدا دروسـتبێتەوە، ئەوەی بەبیر تورکەکان هێناوەتەوە، کە دان بە دابەشکردنی پۆڵەندا دانەنێن. هەروەها هەر لە بارەی پەیوەندییەکانەوە، سێ کۆمیسیۆنی تایبەت بە مەبەستی بە دواداچوونی کاروباری سیاسی، دادوەری و بازرگانی لە کۆنفرانسدا پێکهێنراوە. (Yeni Adana Sayı: 392 – 22 Mayıs 1923).

یۆنان وەک وڵاتێکی سـەربەخۆ، کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر سـایەی دەوڵەتی عوسـمانیدا بووە، دوای سـەربەخۆیش، هەر هاوسـنوری دەوڵەتەکە بووە، لایەنێکی سـەرەکی تەوەرەکانی کۆنفراسی لۆزان بووە، یەکێک لەو بابەتانەش، کە گفتوگۆی لەسەر کراوە، پرسی پەیوەندییەکان بووە. کەسـایەتییەک بەناوی (ڕولتیس)، وەک ڕاوێژکاری کاروباری یۆنان ناوی هاتوە. لە لێدوانێکیدا بۆ پەیامنێران، ئـاماژەی بەوە داوە، کە هەوڵی پتەوکردنی پەیوەنـدییەکـانی نێوان هەردوو وڵات دەدات، لەوبارەیەوە ئاماژەی بەوەکردوە، لایەنە پەیوەندارەکانی هەردوو وڵات بەرپرسـن لە ڕێکخسـتنەوەی ئەو پەیوەندییانە، ئەمەش بە جێبەجێکردنی پەیمانی لۆزان بەدی دەهێنرێت. هەروەها باسـی لەوەشـکردوە، لەم نزیکانەدا دەچێتە ئەنقەرە و پاڵپشـتینامەکەی پێشکەش بە سەرۆکی کۆمار دەکات. (Amasya Sayı: 79 – 14 Kasım 1923).

**چوارەم: پرسی موسڵ و هەواڵەکانی عێراق لە ڕۆژنامەکان و کۆنفراسی لۆزاندا**

بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی لە هەواڵی ڕۆژنامەکانی ساڵی (١٩٢٣)دا تێبینیدەکرێت، کۆنفراسی لۆزان لە کۆنفراسێکی زۆر بەرفراوان و گشتگیر دەچێت. بابەتگەلی زۆری تێدا تاوتوێکراوە. پرسی ولایەتی موسڵ وەک پرسێکی دیاری کۆنفراسەکە قسەی لەبارەوە کراوە. ئینگلیزەکان ویستویانە، پرسی موسڵ لە ماوەی شەش مانگدا یەکلایی بکرێتەوە، بەڵام شاندی دانوستانکاری دەوڵەتی عوسمانی داوای ئەوەی کردوە لە ماوەی ٩ مانگدا یەکلاییبکرێتەوە. هەروەها لە هەواڵێکی ڕۆژنامەی میللییەی حاکمیەتدا، بە سەردێڕێک باس لە ململانێی نێوان ئینگلتەرا و دەوڵەتی عوسمانی کراوە. ئەم ململانێیەی نێوانیان گەیشتۆتە ئاستێک، کە مەترسی لەسەر ڕەتکردنەوەی پرسی ولایەتی موسڵ لە کۆنفرانسی لۆزان دروستکردوە. وەک ئەوەی لە هەواڵەکاندا تێبینیدەکرێت، تورکەکان لەوە تێگەیشتون، پرسی ولایەتی موسڵ، وەک بابەتێکی نێودەوڵەتی لێهاتوە. بۆیە بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ پرسەکەدا کردوە. (Yeni Adana Sayı: 392 – 22 Mayıs 1923)؛ (Emel Sayı: 81 – 1 Mart 1923). هەر لەبارەی عێراقەوە، بابەتێکی دیکە بە ناونیشانی: "**عێراقییەکان چییان دەوێت**" بڵاوکراوەتەوە. بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی "ئەلعومران"، عێراقییەکان لە چوارچێوەی نارەزایەتییەکانیاندا ئەم داواکارییانەی خوارەوەیان لە (مەلیک فەیسەڵی یەکەم) (١٩٢١ – ١٩٣٣) کردوە.

١. هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی نێوان ئینگلیز و عێراق، کە لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ ئەنجامدراوە. بەبێ هیچ مەرجێک، ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی عێراق هەڵبوەشێتەوە و کۆتایی پێ بهێنرێت.
٢. ئینگلیزەکان واز لە دوژمنایەتی تورکەکان بهێنن و دوای کشانەوەیان لە عێراق هەڵوێستەکانیان ڕوونبکەنەوە.
٣. دابینکردن و قەرەبووکردنەوەی باجی ئەو شەڕە نوێیانەی کە لەگەڵ ئێراندا کراون.
٤. گەڕاندنەوەی سنوری عێراق و تورکیا بۆ هێڵی بنەڕەتی.
٥. دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئاشوری لەسەر حیسابی عێراق. (Haber Sayı: 1 – 12 Nisan 1923).

ئەوەی لەم خاڵانەی سەرەوەدا تێبینیدەکرێت، ئەم هەواڵە، وەک فشارێک بۆ سەر ئینگلیزەکان و هاندانی عێراقییەکان لە دژی مەلیکی نوێی عێراق بڵاوکراوەتەوە. لە ناوەڕۆکی ئەم بڵاوکراوەیەدا، وا دەردەکەوێت، تورکەکان لە یەک کاتدا ویستویانە فشارەکانیان لە ڕێگەی عێراقییەکانەوە بۆ سەر ئینگلیزەکان زیاد بکەن و کۆتایی بە پیلانە دوژمنکارییەکانی ئینگلیز لە

دژی خۆیان بهێنن. ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە، خاڵی پێنجەمی داواکارییەکانە. بەبێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک باس لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئاشووری لە عێراقدا دەکات، وردەکاری زیاتر لەسەر ئەم خاڵە و خاڵەکانی دیکەی ئاماژە بۆکراو باسنەکراوە. دیار نییە، لەلایەن کێ و چ گروپ و کۆمەڵەیەک ئەم داواکارییانە بەرزکراونەتەوە.

## پێنجەم: ئامانجە نیشتمانییەکانی تورک لە کۆنفراسی لۆزان

تورکەکان لە یەک کاتدا بە نیگەرانی و ئومێدێکی زۆرەوە لە کۆنفراسی لۆزانیان ڕوانیوە. لە یەکێک لە ڕۆژنامەکانی ئەو کاتیدا نوسراوە، وەک چۆن ئەمڕۆ چاوی هەموو جیهان لەسەر کۆنفرانسی لۆزانە، تورکەکانیش بە نیگەرانییەوە لە چاوەڕوانی بڕیارەکانی کۆتایی کۆنفرانسدان. دوای چەند ڕەخنەگرتنێک لە کاربەدەستانی وڵاتەکەیان و باسکردنی چەند نموونەیەکی دەستوەردانی وڵاتانی ئەوروپی، باس لە ئامانجە نیشتمانییەکانی دەوڵەتیان کردوە. لەو بارەیەوە ناوەڕۆکی هەواڵەکە، دەڵێت: بەو مەرجەی یاسای هیچ نەتەوەیەک پێشێل نەکەین، ئێمەش وەک گەلانی دیکە بە جیهانمان ڕاگەیاندوە، جگە لە سەربەخۆییەکی تەواوی سنورە نەتەوەیی و یاساییەکان، هیچ شتێکی دیکە بە شایانی خۆمان نازانین. لەو بارەیەوە ئاگربەستی کۆنفرانسی لۆزان، گەورەترین شایەتحاڵی ئەم بارودۆخەیە. ئێمە لە ناو هیچ داواکارییەکدا نین، ئاماژە بە دەستدرێژی و هێرشی سەر لایەنی بەرامبەر بکات. ئێمە دەمانەوێت، لەگەڵ بەشێک لە دراوسێکانمان، موڵک و ماڵی خۆمان بپارێزن. یەکێک لە ئامانج و بەرگرییەکانی ئێمە، پرسی گەروەکانە. ئەم پرسە پەیوەندییەکی زۆر نزیک و تایبەتی بە خەلافەت و ئەستەمبوڵەوە هەیە. بۆیە وا دەردەکەوێت، پرسی گەروەکان، پرسێکی گەرموگوڕی نێو کۆنفراسەکە بوبێت. ئەم پرسە مشتومڕێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە، وەک بابەتێکی سەرەکی گفتوگۆ و ناکۆکییەکی زۆری لە نێوان وڵاتاندا دروستکردوە. ئەمەش بۆ شوێنی ستراتیژی گەروەکان و گرنگی ئاوە دەریاییەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەگەڕێتەوە. تورکەکان بەبێ لایەنگری بۆ هیچ یەکێک لە وڵاتانی بەشداربووی کۆنفرانس، دەیانویست، پارێزگاری لە گەرووەکان بکەن و سەروەری و بەڕێوەبردنی گەروەکان لەژێر دەستی خۆیاندا بهێڵنەوە. ( Millî Gâye Sayı: 5 – 1 Şubat 1923).

## شەشەم: ستایشی سەرکردەکانی تورک لە ڕۆژنامەکاندا

وەک ئەوەی لە ڕۆژنامەکاندا دەردەکەوێت، (عیسـمەت پاشـا) ڕۆڵێکی دیارو بەرچاوی لە کۆبوونەکانی لۆزان و پاریسدا هەبووە، لە نێو دانوستانەکاندا بە کارابیەوە دەردەکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەندێک بابەت بۆ ناوەندی دەوڵەت گەڕاوەتەوە، بۆ نموونە: ئەو کاتەی داوای ئەوە لە شـاندی دانوسـتانکاری تورک دەکرێت، کە ڕێگە بەو یۆنانی و ئەرمەنییانە بدرێت، کە پاسپۆرتیان نییە، تاوەکو سەردانی ئەستەمبوڵ بکەن. عیسمەت پاشا لە وەڵامی ئەم داواکارییەدا، دەڵێت: "دەبێت پرس بە ئەنقەرە بکەن". (Yeni Adana Sayı: 393 – 23 Mayıs 1923). وا دیارە عیسـمەت پاشـا بەربەسـتی لەبەردەم ئەرمەنەکان دروسـتکردوە و بە سـەرسـەختی ڕووبەڕوویان بۆتەوە. چونکە ئەرمەنییەکان پلانی ڕووبەڕووبوونەوە و لێدانی (عیسـمەت پاشـا)یان دارشـتوە. بۆ ئەو مەبەسـتە لە ئەڵمانیاوە چوونەتە لۆزان. پۆلیسـی سـویسـرا هەواڵی ئەوەی پێگەیشتوە، کە هەندێک لە ئەرمەنییەکان بۆ لێدانی عیسمەت پاشا لە قەوقازەوە چوونەتە لۆزان. بۆیە لە شـوێنی نیشـتەجێبوونی شـاندی دانوسـتانکاری تورکی و پاراسـتنی (عیسـمەت پاشـا) ڕێوشـوێنی توند لە لۆزان گیراوەتەبەر و ڕێگریان لە هەر جۆرە کارێکی نەخوازراو گرتوە. حکومەتی سـویسـرا ئەوەی ڕاگەیاندوە، کە هەواڵیان لە بەرلینەوە پێگەیشـتوە، تۆمەتبارەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان بە نهێنی سنوریان بەزاندوە، بۆیە پۆلیسەکانیان لە لۆزان و ناوچەکانی دیکەی سویسرادا جێگیرکراون. بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی لۆزان لە هەوڵی بەردەوامدایە، کە ڕێگری لە هەر جۆرە پشـێوییەک بکات. لە هۆتێلەکانی لۆزان و دەوروبەری نوسـینگەکانی شـوێنی کۆبوونەوە، بە تایبەت نوسـینگەی (عیسـمەت پاشـا)، لە لایەن پۆلیسـەوە ڕێوشـوێنێکی زۆر توند گیراوەتەبەر. بەپێی ئەوەی بیسـتوومانە، بەرپرسـی پۆلیسـی لۆزان شـاندەکەمانی لەم دۆخەدا ئاگادارکردۆتەوە. لە ئەمڕۆ بەدواوە، هیچ کەسـێکی بیانی بۆی نییە بچێتە نهۆمەکانی سـەرەوەی هۆتێل لۆزان پالاس، کە شـاندەکەمانی تێیدا نیشـتەجێیە. بەگوێرەی گێڕەرەوەکان، ئەم گومانلێکراوانە توانیویانە بە نهێنی لە سـێرپانێکەوە سـنوری سـویسـرا ببڕن. هەندێک لەوانەش لە ئەرمەنییەکان بوون و ئەندامی ئەو لیژنانە بوون، کە لە قەفقازەوە چوونەتە سویسرا. (Yeni Adana Sayı: 394 – 24 Mayıs 1923).

مسـتەفا کەمال، وەک کەسـایەتییەکی دیاری نێو ڕووداوەکانی جەنگ و گۆڕەپانی سـیاسـی ئەو کاتەی دەوڵەتی عوسمانی، سەرنجی نوسەر و کەسایەتییەکانی جیهانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە. لەو بارەیەوە، بیرمەندێکی ئەمریکی، دەڵێت: مسـتەفا کەمال پاشـا یەکێک لە گەورەترین سـێ کەسـایەتییەکانی جیهانە، ئەوانیش: (لینین) (١٨٧٠ – ١٩٢٤)، (مۆسـۆلینی) (١٨٨٣ – ١٩٤٥) و (مستەفا کەمال) (١٨٨١ – ١٩٣٨)ە. هەروەها گەورەترینی ئەم سێ کەسایەتییەش، مستەفا کەمال

پاشـــایە. ئەگەر مســـتەفا کەمال پاشـــا، دوای واژۆکردنی پەیمانی لۆزان، کۆچی دوایی بکردایە، وەک یەکێک لە گەورەترین سەرکردەکانی جیهان ناوی لە مێژوودا بەجێدەهێشت. ئەمڕۆ مستەفا کەمال پاشـــا نەک هەر تورکیای ڕزگار کرد، بەڵکو یەکێک لە دیموکراســـیترین حکومەتەکانی جیهانی لە ڕۆژهەڵات دامەزراند. (GiresunIsik Sayı: 62 – 22 Kasım1923). هەر لە بارەی ئەم کەســـایەتییەوە، یەکێک لە ڕۆژنامەنوســـەکانی تورک، لە ســـەروبەندی ڕۆژانی کۆنفراسی لۆزاندا لە ئەستەمبوڵ، چاوی بە ڕۆژنامەنوسێکی ئیتاڵی کەوتوە. باس لەوە دەکات، کە ڕۆژنامەنوســـەکە شـــارەزایی لە (ئارکۆلۆجیا)دا هەیە و پەیامنێری چەند ڕۆژنامەیەکی گرنگیشە، بۆ یەکەمجارە هاتۆتە ئەستەنبوڵ. داوای وێنەی مستەفا پاشا و ژیاننامەکەی لێکردم. لەو بارەیەوە بە درێژی لەسـەر ئەم بابەتە قســەمانکرد. ئەم کەســە، زۆر ســەرســام بووە بە ناوبانگ و شکۆمەندی مستەفا کەمال. من لێرەدا ئەو وشانە باس دەکەم، کە ئەو باسی کردوە: "کەمال پاشـــای ئێوە، گەورەترە لە هەموو ئەو قارەمانانەی لە مێژوودا تۆمارکراون. ئێمە گاریباڵدییەکمان هەبوو، کە یەکێتی ئیتاڵیای هێنایە بوون. دڵنیاتان دەکەمەوە، ئەگەر مســـتەفا کەمال پاشـــا هی ئێمە بوایە، گاریباڵدیمان زۆر بەکەمی بەبیر دەهاتەوە. تورکیا بەم دوا سەرکەوتنەی گەورەیەی خۆی، هێزی خۆی بە نا ئاسایی نیشاندا. بۆیە هەرچەندەی شانازی بە پاشای خۆتانەوە بکەن هەر کەمە. وتەیەکی ئیتاڵی هەیە، دەڵێت: "**پێ نەزانینی ئازایەتی ڕاستەقینە مردنی تۆیە**". دوای ئەوە ســەبارەت بە ئاشــتی پرســیارم لە پەیامنێرەکە کرد، گووتی: جیهان پێویســتی بە ئاشــتی هەیە. گەلانی جیهان ئێســتا دەیانەوێت بە ئارامی و ئاســوودەیی بژین. پێشبینی دەکەم کۆنفرانسی (لۆزان) بە ئاشتییەکی باش و بەردەوام کۆتایی پێ بهێنرێت، چونکە زۆربەی کێشـەکان یەکلایی بوونەتەوە. تورکەکان دڵخۆشـن، دوای گەیشتن بە ئاشتی، پێویستە هەوڵبدەن لە ململانێی ئابوری و پیشـەسـازیدا سەرکەوتووانە دەربکەوێت. لە ئەنجامی مانەوەی کورتم لە ئەســـتەنبوڵ و هەندێک پەیوەندیم، گەیشـــتمە ئەو ئەنجامەی کە نەتەوەی تورک لەم بوارەشـــدا ســـەرکەوتوو دەبێت. لە کۆتایدا ناوی ئەم ڕۆژنامەنوســـە ئیتالییە دەنوســـم، کە لێدوانەکەیم لێوەرگرتوە، ئەو ڕۆژنامەنوســـە ناوی (دکتۆر کانەدچو ئالاســـەندر) بوو. ( Halk (Konya) Sayı: 2 – 13 Haziran 1923).

**حەفتەم: خەم و دڵخۆشی تورکەکان لە کۆنفڕاسی لۆزاندا**

هەواڵەکانی ڕۆژانی کۆنفرانســی لۆزان، بەشــێوەیەک بووە، کاریگەری لەســـەر دڵ و دەرونی هاووڵاتییانی تورک دروســـتکردوە، وەک ئەوەی لە ناوەڕۆکی هەواڵە بڵاوکراوەکاندا هاتوە.

خەڵک بە تامەزرۆییەوە لە چاوەڕوانی بڕیار و ئەنجامەکانی کۆنفرانسـدا بوونە. وادیارە، یەکێک لە سـەربازەکانی نێو سـوپا، هەسـتی خۆی لە هەمبەر ڕووداوەکانی ئەو ماوەیە دەربڕیوە، لەو بارەیەوە، دەڵێت: لە هەینی چوارەمی مانگی تەمموزی سـاڵی ١٩٢٣دا، ئەدرنەمان بەجێهێشـت. ڕۆژێک دواتر ئاڵای یۆنان لەو ناوچانە بەرزکرایەوە، بەم هۆیەوە منیش لە (قزل ئاغاچ)دا گریام. ئێستا چ شتێکی مانگی تەممزم خۆشبووێت. پێموانییە، ئەو مانگە شایانی هیچ شتێک بێت، کە من بیری لێ بکەمەوە. (Pasaili Sayı: 41 – 22 Temmuz 1923).

بەشـێوەیەکی گشـتی دوای گفتوگۆیەکی چڕ و چەند ڕۆژەی نێوان وڵاتانی بەشـداربووی کۆنفرانسـی لۆزان، خەم و نیگەرانی تورکەکان کۆتایی دێت. دەسـتەی بەڕێوەبەری نوێنەرانی ئەنقەرە لە ڕۆژی ٢٥ی تەمموز بەیاننامەیەکی فەرمی بڵاوکردۆتەوە. دانیشـتنەکە لە هەمان ڕۆژ و لە کاتژمێر سێ هەمان مانگدا دەستپێکردوە و کاتژمێر چوار کۆتایی هاتوە. لە بڵاوکراوەیەکی تایبەتدا ئاماژە بە واژۆکردنی ڕێککەوتنی ئاشتی کراوە لە نێوان جێگری حکومەتی (ئەنجوومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکیا) و جێگری هەر یەکێک لە وڵاتانی: (ئینگلتەرا، فەڕەنسا، ئیتاڵیا، ژاپۆن، ڕۆمانیا و یۆنان). بەڵام سـڕبیا بەهۆی هەبوونی ناڕازیەتییەوە پەیماننامەکەی واژۆنەکردوە. لە بەیاننامەکەدا باس لەوە کراوە، واژۆنەکردنی پەیماننامەکە لە لایەن سـڕبیاوە، هیچ نیگەرانییەکمان بۆ دروستناکات، چونکە ئەم ناڕەزایەتیەی سڕبیا، پەیوەندی بە دادگای گشتییەوە نییە و بێ بایەخە. هەروەها لە (ڕۆژنامەی ئاقشـام / ئێواران)دا ئاماژە بە تەلگرافنامەیەک دراوە و نوسـراوە، ئێستا بە دەستمان گەیشتوە، لە هەواڵی تەلگرافنامەکەدا هاتوە، لە بەرواری (٢٤ی تەمموزی ١٩٢٤)دا، کاتژمێر سـێ و بیسـت خولەک پەیماننامەی لۆزان واژۆکراوە. هەروەکو لە ڕۆژنامەکەدا هاتوە و نوسـراوە، کاتژمێر سـێ جێگری وڵاتەکان ئامادەبوونە، لە کاتژمێر سـێ و دە خولەکیشـدا، سـەرۆکی سـویسـرا بە وتارێکی کورت ئەندامانی ئامادەبووی کۆنفرانسـی بۆ واژۆکردنی پەیماننامەی لۆزان بانگهێشـت کردوە. (عیسـمەت پاشـا) بە قەڵەمێکی زێڕین، وەک یەکەم کەس، ڕێکەوتننامەکەی واژۆکردوە. ئەم واژۆکردنەی ڕێک لە کاتژمێر سـێ و بیسـت خولەکدا بوو. لە دوای ئەویش جێگرەکانی دیکە واژۆی ڕێکەوتننامەکەیان کردوە. بەم بۆنەیەوە غازی مستەفا کەمال پاشا پیرۆزبایی ئاراستەی هاووڵاتییانی تورک کردوە. (Pasaili Sayı: 42 – 25 Temmuz 1923).

**ئەنجامەکان:**

لە چوارچێوەی کار و لێکۆڵینەوەکانی ئەم توێژینەوەیەدا، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. پەیماننامەی لۆزان لە نێوان وڵاتە هاوپەیمانەکانی: بەریتانیا، فەرەنسـا، ئیتاڵیا، ژاپۆن، یۆنان، ڕۆمانیا و وڵاتە جیابووەکانی سربیا (کرواتیا، سلوڤینیا)و دەوڵەتی عوسمانیدا، لە ڕۆژی (٢٤ تەمموزی ١٩٢٣)و لە کاتژمێر سێ و بیست خولەک واژۆکراوە، یەکەم وڵات کە واژۆی پەیماننامەکەی کردوە، دەوڵەتی عوسمانی بووە.

٢. سـەرجەم وڵاتانی بەشـداربووی کۆنفراسـی لۆزان، بە تامەزرۆییەوە، لە ئەنجام و بڕیارەکانی کۆنفراسـەکەیان ڕوانیوە. لایەنە سـەرکەوتوەکان بەدوای بەدەسـتهێنانی زۆرترین دەستکەوتی ماددی و لایەنە شکستخواردوەکانیش بە دوای ئارامی و ئاشتی و کەمکردنەوەی زەرەروزیانی وڵاتەکانیاندا گەڕاون.

٣. دەوڵەتی عوسـمانی لەگەڵ ئەوەی وڵاتێکی شـکسـتخواردوی جەنگی یەکەمی جیهانی بووە، کەچی زۆر بە خۆڕاگری و پێداگرییەوە، بەرگرییان لە مافەکانی خۆیان کردوە، سازشیان لەسەر خاڵە ستراتیژییەکانی پەیوەست بە وڵاتەکەیان نەکردوە، وەک، ئامانج و پرسێکی نیشتمانی لە بابەتەکانیان ڕوانیوە، بەتایبەت لە پرسی گەروە ئاوییەکاندا.

٤. بابەتە گفتوگۆ لەسـەر کراوەکانی کۆنفراسـی لۆزان، بابەتی فرە چەشـن بوونە، هەموو ئەو بەرە و شـوێنانەی کە دەوڵەتی عوسـمانی لە بەرامبەر هاوپەیمانەکان شـەڕیکردوە، بوونەتە جێگای سـەرنج و گفتوگۆیان لەبارەوە کراوە. یەکێک لەو بابەتانەش بەرەی عێراق و زەقکردنەوەی پرسی ولایەتی موسڵ بووە.

٥. وڵاتانی ئەوروپا، بە تایبەتی فەرەنسا و بەریتانیا، لە هەوڵی زاڵکردنی هەژموونی خۆیاندا بوونە. هەر یەکێکیان لەسـەر حیسـابی ئەوی دیکەیان، هەوڵی بەدەسـتهێنانی زۆرترین دەسـتکەوتیان داوە. ئەم کارانەیان زۆر بە ڕوونی لە گفتوگۆی ڕۆژانی کۆنفرانسـدا بەدیاردەکەوێت.

٦. لەو ڕۆژنامانەدا، پیاهەڵدان و بەرزکردنەوەی ڕۆڵی سەرکردەکان زۆر بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت، هەوڵدراوە وەکو سەرکردەیەکی نیشتمانی و کاریزما لە ناو خەڵک و وڵاتاندا دەربکەون.

لیستی سەرچاوەکان:

یەکەم: کتێبەکان

- Alpaslan Teoman, Sever Ve Lozan'ın Ortak Hükümleri, Birinci Baskı, Kum Saatı, İstanbul, 2008.
- Hürmüzlü Erşet, İkili Ve Uluslararası Anlaşmalar Işığşnda Türkiye Irak İlişkileri, Birinci Baskı, İstanbul, 2021.
- Ortaylı İlber, İmpratorluğun Son Nefesi Osmanlının Yaşayan Mirası Cumhuriyet, 3. Baskı, Timaş Yayınları, İstanbul, 2016.

دووەم: نامە و تێزە ئەکادیمییەکان

- Kaya Abdulkadir, Sevr Ve Lozan'da Sınırlar Ve Toprak Meselesi, Yüksek Lisans Tezi, Ankara Üniversitesi, Türk İnkılâp Tarihi Enstitüsü, Ankara,2007.

سێیەم: گۆڤارە زانستییەکان

- Doğruöz Türkan, Lozan Antlaşmasi'nin Ahâli Gazetesine Yansimalari, History Studies Special, Issue On Lausanne Volume 5/4, 2013.
- Başak Tolga, Mondros Mütarekesi Görüşmelerine İlişkin İngiliz Kayitlari Ve Görüşmelerle İlgili Değerlendirmeler, Çağdaş Türkiye Tarihi Araştirmalari Dergisi Journal Of Modern Turkish History Studies Xviii/Özel Sayi/Special Issue (2018), Ss. 5-71.

چوارەم: ڕۆژنامەکان

- Adapazari Sayı: ٨٠, ١٩ Ekim ١٩٢٣
- Amasya Sayı: ٧٩, ١٤ Kasım ١٩٢٣
- Emel Sayı: ٧٧, ١ Şubat ١٩٢٣
- Emel Sayı: ٨١, ١ Mart ١٩٢٣
- GiresunIsik Sayı: ٦٢, ٢٢ Kasım ١٩٢٣

- Haber Sayı: ١, ١٢ Nisan ١٩٢٣
- Haber Sayı: ١٠, ٣ Mayıs ١٩٢٣
- Halk (Konya) Sayı: ٢, ١٣ Haziran ١٩٢٣
- Halk (Konya) Sayı: ٣, ١٤ Haziran ١٩٢٣
- Millî Gâye Sayı: ٥, ١ Şubat ١٩٢٣
- MuvaffakiyetiMilliye Sayı: ١, ٢ Temmuz ١٩٢٣
- Pasaili Sayı: ٤١, ٢٢ Temmuz ١٩٢٣
- Pasaili Sayı: ٤٢, ٢٥ Temmuz ١٩٢٣
- Yeni Adana Sayı: ٣٩٢, ٢٢ Mayıs ١٩٢٣
- Yeni Adana Sayı: ٣٩٣, ٢٣ Mayıs ١٩٢٣
- Yeni Adana Sayı: ٣٩٤, ٢٤ Mayıs ١٩٢٣

## معاهدة لوزان في الصحف العثمانية الرسمية عام ١٩٢٣

**د. فاخر علي عباكر**
**جامعة سوران / كلية الآداب / قسم التاريخ**
Fakhir.mirkhan@soran.edu.iq

**ملخص:**
تم تشكيل معاهدة لوزان نتيجة لأحداث الحرب العالمية الأولى (١٩١٤-١٩١٨) ومعاهدة سيفر (١٩٢٠). وبناءً على مصالح الدول التي انتصرت في الحرب، تم إعادة تحديد حدود الشرق الأوسط تمت إعادة تشكيل العلاقات السياسية والاقتصادية الدولية. في إطار أحكام معاهدة لوزان، تم تحديد حدود الدولة الجديدة للجمهورية التركية. وهكذا كان لمعاهدة لوزان تأثير أكبر من الأحداث والاتفاقيات الأخرى في القرن العشرين. تم نشر الكثير من الأحداث المتعلقة بمعاهدة لوزان في الصحف في ذلك الوقت، والتي كانت القناة الوحيدة للأخبار والمعلومات في القرن التاسع عشر وأوائل القرن العشرين، وقد لعبت إلى حد ما دوراً نشيطاً في مشاعر الناس ووعيهم، لتكون على علم به معظم الأحداث التي وقعت بين العام الذي تم فيه توقيع معاهدة لوزان هي موضوع هذه الدراسة. الهدف من هذه الدراسة هو فهم معاهدة لوزان والحصول على معلومات عنها، وفي هذا الصدد، حاولنا الحصول على أكبر قدر ممكن من المعلومات حول مواقف وسياسات الدول المشاركة في الصحف في ذلك الوقت.

**كلمات مفتاحية:** معاهدة لوزان، صحيفة، ١٩٢٣، الإمبراطورية العثمانية، تركيا.